Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdista Net, c=NL
Date: 2002.07.04 03:19:28 +03'00'
Reason:
Kurdistan Net Neti Hemwane

# وەرچەرخان : بۆلای ڕاست... بۆ لای چەپ..!

(لە پەراوێزی نارەزایەتی یەکانی کرێکاران لە ئیسپانیا )

( موزەفەر عبداللە )

شەپۆلی بومە لەرزەکەی ئیتالیا کە لە دوو مانگی ڕابردوودا ئەو وولاتەی لە ژێر پێ ی سەرمایەداری دا هەژاند لەم ماوەیەدا گەیشتە ئەلمانیاو فەرەنسا و ئێستاش وا دلی خۆسیە ئەزناری لە چەنگ دایەو یەکێك لە گەورە بەرپرسانی پۆلیسیش لە نێو سەرکوتی کرێکاراندا دلێ لە لێدان و کەوت و گیانی لە دەست دا .

ئەمڕۆ لە زۆربەی شارەکانی ئیسپانیا سەدان هەزار کرێکار دەستیان داوەتە نارەزایەتی لە دژی ئەو هێرشە دڕندایەتی یەی کە حکومەتەکەی ئەزنار کردویەتی یە سەریان .بە تایبەتی بۆ سەر بێکاران و ئەو کرێکارانەی کە دەست لەکار دەکێشنەوە وە بەهرەمەند نابن لە هیچ بیمەیەك .هەلبەت ئەم هێرشەکە لە ژێر ناوی زیاد کردنی فرسەتی کارە ، گەورەترین هێرشە بۆسەر کرێکارانی بێکارو لەسەر کار .

ئەم نارەزایەتیانە کە شێوازی جۆارو جۆری لە خۆی گرتوە ،لە لایەن یەکێتی یە کرێکاری یەکانەوە بانگەوازی بۆ کراوەو ڕابەری دەکریت ،وە لە ٨٠٪کرێکاران دەستیان لە کار کێشاوەتەوە .ئەم نارەزایەتیانە زۆربەی ناوەندە سەرەکی یەکانی کاری کرتۆتەوە . هەر لە هاتوچۆی هەوایی و زەوی و دەریایی و خزمەت گوزاری یەکانی ترو خوێندن و ڕاگەیاندن و دەیان مەیدانی تری بەرهەم هینان، بە ڕادەیەك کە کاریگەری تەواوی داناوە لەسەر ئەوەی کە کۆنگرەی لوتکەی سەرانی یەکێتی ئەوروپا ماوەی چەند سەعات دوا بکەوی کە لە شاری ئەشبیلیە ساز دەکرێت .وەك ئاماژەمان پێ دا بە تەنها لەو شارە ١٠٠ هەزار کەس نارەزایەتیان دەربڕیوە.

ئەم نارەزایەتیانە ئەوەندە گەورەیە کە کاریگەری لە نارەزایەتی یەکانی سالی ١٩٩٦ ی ئەو وولاتە زیاترە . بەو ڕادەیەی کە خودی ئەزنار ،کە بە یەکێك لە سەرۆکە ڕاستڕەوەکان دادەنرێ ، ڕای گەیاندووە کە ئەمە نارەزایەتی نی یە بەلکو جولانەوەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆیە لە دژی دەولەت .بە پێی هەوالەکان خۆپیشاندەران هەولیان داوە کە ئەو ناوەندانەی کارو شوێنە گشتی یەکان دابخەن کە ئیلتزامیان بە بانگەوازی نارەزایەتی یەوە نەکردوە .بەم شێوەیە تێك هەلچون بووە لە نێوان کرێکاران و پۆلیس و ٤٥ کەس دەست گیر کراون و پۆلیسیش بیندار بووە .

هەڵبەت ئەم ناڕەزایەتی یە شکۆدارەی کرێکاران لە کاتێدایە وەك ئاماژەمان پی دا مانگ و هەفتە تێپەر بووە بەسەر زنجیرە ناڕەزایەتی یە بومەلەرزە ئاسایی یەکانی ئیتالیاو ئەڵمانیاو فەرەنسا وئەرجەنتین و هاوکات خۆپیشاندان و مارشە مەزنەکانی یەکی ئایار کە تارمایی خۆی کێشا بەسەر سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری بە تایبەتی لە ئەورووپادا . ئەمە ڕێك نیشاندەری ئەوەیە کە ئیتر کرێکاران بە پێچەوانەی ئەو پروپاگەندە ژەهراوی یەی بۆرژوازی و دەزگا وابەستە کانیان لە بیریاران و فەیلەسوفان و وورده ڕۆشنبیران و سیاسەت مەداران و کاربەدەستانی وردو درشتیان کە دەیانووت ڕۆڵی چینی کرێکار لەم سەردەمەدا کۆتایی پێی هاتووە بەهۆی گەشە سەندنی تەکنەلۆژیاو زیاتر دادگەری و بلیمەتی سەرمایەداری ،وەبەمەش کۆتایی مەرگی کرێکارو کۆمۆنیزم و نەمری سەرمایەداری و بۆرژوازیان ڕادەگەیاند .

ئەم زنجیرە ناڕەزایەتیانەی کرێکاران کە نیشانەی هاتنەوە مەیدان و زیاتر وەرچەرخانە بەلای چەپدا ، هاوکاتە لەگەڵ هاتنە مەیدانی ڕاستی سەرەڕۆ بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات لە خودی ئەوووڵاتانەدا کە کرێکاران تیادا هاتونەتە مەیدان . چۆن ئەم نارەزایەتی‌یانە جیگەی سەرنجی هەموو لایەکە لەم چەند مانگەدا ئاواش ڕاستی سەرەڕۆ لە فەرەنساو هۆڵەنداو نەمساو دانمارك ،هەروەها ئەگەری هاتنەمەیدانیان لە ئەلمانیا و بەریتانیا،وە لە زۆریەی وولاتانی تر ، جێگەی سەرنجی هەموو لایەك بووەو دەبێ .ئەوە جگە لەوەی لە چەند ساڵی رابردودا ووڵاتەکانی ئیتالیا و ئیسپانیا و هەندێك لە ووڵاتانی ئەمریکای لاتین لەوانە کۆلۆمبیا و ئەرجەنتین ئەو وەرگەڕانە ڕاست ڕەوی یەی بەخۆیەوە بینیوە .بە مانایەکی تر لەسەرەوە ، یانی لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسی دا ڕەوتی میانەڕەوی بۆرژوازی لە چەشنی لیبرالیزم و شۆسیال دیموکراسی ئیتر ناتوانن وەك یەك دوو دەیەی ڕابردوو لەناو ئەم قەیرانە قوڵە هەمە لایەنە دا لەدەسەڵاتدا بن ،بۆیە دەبێت شوێن بۆ ڕاست و ڕاست تر تا ڕادەی ڕاستی سەرەڕۆی ڕەگەزپەرست چۆڵ بکەن .دیارە ئەم پێوستی یەی سەرمایەداری بۆ زیاتر ڕاست لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە مادام شەقام بەرەو چەپ تر وەردەچەرخێ ، سەرەوە وادەخوازێ کە زیاتر بۆ بەرگرتن بەم وەرچەخانەی شەقام ڕاستی سەرەڕۆ بێتە مەیدان .چونکە ئەو دەورانەی سەباتی سەرمایە ، بە تایبەتی بازاری ئازاد لە ئاستی دەسەڵاتدا ،بەسەرکەوتنەکانی بەسەر باڵی دەوڵەتی دا ، کە لەم یەك دوو دەیەیەدا هەیبوو، کۆتایی پێ هات .

بەڕای من ئەم هاوتەریبی یەی ئەم دوو شەپۆڵەی وەڕ چەرخانی ڕاست و چەپ لە ئاستی سەرەوەو خوارەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووداوی سەرسوڕهێنەرتر دێنێتە پێشەوە .هەروەك سەرەتایی سەدەی بیست و دەورانی جەنگی جهانی یەکەم .

لە دەورانی دوو دەیەی سەدەی بیست قەیرانی سەرمایەداری کە بە دوای خۆی دا جەنگی جهانی یەکەمی هێنا ، وەرچەرخا بۆ قەیرانی شورشگێرانە و هێزی سێهەم لە نێو مەعمەعەی هێزە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بە شێوەیەکی سەرسورهینەر و چاوەڕوان نەکراو _هەروەك ئەنگلز پێش بینی کرد لە پیش سەرەتایی سەدەی بیست _ هاتە مەیدان و بووە هۆی ڕووداني شۆرشی ئوکتۆبەر کەئەمەش بووە هۆی دابەش کردنێکی سیاسی و ئابوری نوی لە ئاستی جهاندا.بە ووتەی لینین بۆرژوازی لەسەرەوە نەیدەتوانی و جەماوەریش لە ژێرەوە تەحەمول و قەبوڵیان نەدەکرد لەوە زیاتر .بەڵام پێویستە ڕاستییەکی تر بوترێ ئەویش ئەوەیە کە کون تێکردنی ئەم باڵۆنەی سەرمایە پەیوەست نی یە بەوەوە لە کوێ قەیرانەکە زۆر قوڵە دەبێت لەوی کونی تێ بێ نەخێر !.چونکە سەرمایە سەرەڕای بوونی سنورەکان و سەرەڕای هەوڵدان بۆ سڕینەوەی سنورە ڕواڵەتی یەکان لە گۆشەو کەنارەکانی جهان بە پێ ی هەوڵەکانی جهانگیری ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەرمایەو سەرمایەردای یەك سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی یەو مل ملانی ی نیوان خودی خێزانی خۆیان هیچ لەم ناوەرۆکە ناگۆڕێ .

جهانی ئەمرۆش لە سایەی هەمان سەرمایەداری بە ناوەرۆك یەك و بە شێواز جیاواز نیشانەکانی ئەوەی لە خۆی هەڵگرتووە کە ئیتر ڕەوتە ناوەندەکان لەسەرەوە ناتوانن لە دەسەڵات دا بێت . پێوستی بە ڕاستی سەرەڕۆیە . هاوکات لە ژێرەوەش خەڵك ئەو بارودۆخە نە تەحەمول دەکەن و نە قەبوڵی دەکەن . ئەمەش خود بە خود یانی وەرچەرخانی قەیرانی ئابوری و سیاسي بە قەیرانی شۆرشگێرانە .ووتەکەی ئەزنار ئەمرۆ بۆ خۆپیشاندەرانی ئیسپانیاو جۆرج بۆش بۆ خۆپیشاندەران لە ئەڵمانیاو برلیسکۆنی بۆ کرێکارانی ئیتالیا و ڕووداوەکانی ئەرجەنیتن و ئێران و روسیاو زۆری تر دەرخەری ئەو قەیرانەیە بۆ قەیرانی شۆرشگێرانە .

پێم وایە کە مارشە چەند ملیۆن کەسی یەکانی ئایاری ئەمساڵ لە شارەکانی ئەورووپاو هەردوو ئەمریکاو ئوسترالیا و بەشێك لە ئاسیا نیشانە سەرەتایی یەکانی ڕەوەو ئەم وەرچەرخانانەن و ئایندەش لە پێشەوەیە . ٢١-٦-٢٠٠٢